# سەرچاوەی هێزی ( نەریت ) لە یاسادا

د. فاروق عبدالله كريم / پرفیسۆری یاریدەدەر

كۆلێجی یاسا / زانكۆی سلێمانی / هەرێمی كوردستان / عێراق

نەریت بریتی‌یە لە بەردەوام بوونی كۆمەڵێك لـە سـەر ئـەنجام دانـی كردارێـك یـاخود ووتەیـەك بـە شـێوەیەكی تایبـەت لەگـەڵ قەناعەتی ئەو كۆمەڵە بە زەروورەتی ئەنجام دانی ئەو كردار و ووتەیە بەو شێوە تایبەتەی ئەنجام دراوە .

نەریت بەمانا یاسایی‌یەكەی لەسەر دوو ڕوكن دروست دەبن :

**یەكەمیان :** ڕوكنی مادی كە بریتی‌یە لە چەند بارە كردنەوەی ( تكرار ) ئەو كردارە یاخود ووتەیە .

**دووەمیان :** قەناعەتی ئەو كۆمەڵە بەزەروورەتی ڕەچاوكردنی ئەو نەریتە بەشێوەیەك گەر ئەنجامی نەدەن تووشی سزای یاسایی دەبـن .

لەم توێژینەوەیەدا پرسیار دەكەین ئایا سەرچاوەی هێزی نەریت چی‌یە ؟ ئایا خودی نەریت و سوودەكەیەتی كە دەیگەیەنێ بە خەڵكی و پێداویستی یەكی كۆمەڵایەتی دابین دەكات ؟ یاخود نەریت سەرچاوەی هێزەكەی لە دادگاوە وەردەگرێ ؟ یاخود یاسا دانەر ئەو هـێزەی پێ دەبەخشێ ؟

یاساناسان ڕاوبۆچوونی جیاوازیان هەیە لەو بارەیەوە ، هەندێكیان دەڵێن ویژدانی كۆمەڵەكەیە و هەندێكی تر دەڵێن دادگایە وهەندێكی تر **دەڵێن یاسادانەرە ---------- هتد .**

دوای ئەوەی ئەو ڕایانە خرایە بەر چاوو گفتوگۆ لە سەر ناوەڕۆكی كرا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی كە خودی نەریتـە كـە سـەرچاوەی هـێزی نەریتەكەیە بە مانای ئەوەی بـــە باشزانینی كۆمـــەڵ بـۆ ئـــەو كردارە یاخـــود واتـــەیە ( كەبۆ تە نەریت ) نەریتەكە دروست دەكات ودەیهێنێتە كایەوە بەڵام ویستی یاسادانەر وەك چاودێر وایە كاتێ دەبینی نەریتەكە بـە سـوودە اقـراری دەكـات بـە ڕاشـكاوی یـان بـە ( چمنی) وەهەر كاتێك بە نەریت رازی نەبوو لە شوێنی نەریتەكەدا ڕێسایەكی یاسایی ( ئامر ) دادەڕێژێ ئیتر ئەو كاتەكار بە نەریت نـاكرێ ، كەواتە خودی نەریتەكە لەگەڵ ویستی یاسادانەر سەرچاوەی هێزی نەریتەكەن ، ئەمەش لە بەر ئەوەی كە ویستی یاسادانەر ویستێكی هوشیارەو بەرژەوەندی گشتی ڕەچاو دەكات بەڵام ویستی كۆمەڵێك لەوانەیە ڕووبكاتە بەرژەوەندی‌یەكی تایبەت ، هەرلە بەر ئەمەشە كـە هێزی یاسایی بە تەنیا نادرێتە دەست ( نـەریت ) و لـە یاسـادا یاسـای نوسـراوی (التشریع) لـە پێش ( نـەریت ) ە وەك سـەرچاوەیەكی یاسایی .

# The Source of Custom's Force

**Dr.Farouk. Abdoullah .Karem .Assist .Prof.**
**College of Law, University of Sulaimani, Kurdistan Region - Iraq**

## Abstract

*The custom is the extension of a group of achieving some actions or speech in a special way with the convince of that group by the importance of the achievement of that action and speech by the special way been achieved.*
*Custom by its legal mean based on two basics:*
*First: the material basic which is the multiplication of that action or speech.*
*Second: convince of that group of the importance of considering that custom in such away that if they did not achieve it they will be legally punished.*
*In this research we will question what the source of the force of custom? Is it the essence of custom and its benefit it gives to the people and provision of their demands? Or custom's force is coming from the court of law? or the legislator gives it the force?*
*The legalist have different opinion's about that matter, some of them are saying that the conscience of the group and some say that it is the court of law and other's say that it is the legislator.*
*After the presentation of those idea's and opinions and discussion made on their essence we reached the result that the essence of custom it self is the source of it's power by the meaning that the good opinion of the society for that action or speech (which become a custom) reforms the custom and makes it real, but the demand of the legislator is as a monitor while it sees that the custom is useful he legislates it inclusively and anytime it accepted the custom in the place of the custom he establishes a legal form (commanding) in which the custom is no longer active, so the essence of the custom and the demand of the legislator are the source of the force of the custom, this is because of that the demand of the legislator is educated and considering the demands of the society but the demand of a society may direct to a private benefit, and this is why the legal force is not awarded to a the (custom) only and in the law the written law (legislation) is ahead of (custom) as a legal sourc*

***Received 25/7/2000. Accepted 28/8/2000.***

وەرگیرا لە ۲۵/ ۷ / ۲۰۰۰دا. پەسەند کرا لە ۲۸/ ۸/ ۲۰۰۰ دا.